## لە کەلار نەقیبێکی ئاسایش سەربەتیرۆریستەکانە و بەڵێندەرێک دەڕفێنێت و داوای 17 دەفتەر دۆلار دەکات بۆ بەردانی

**بۆ بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق**
**بۆ بەڕێز کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**ب/ئاگاداری**

**لە ڕۆژی (2006/7/14) تیرۆریستێکی ناوخۆی خۆمان دانیشتووی شاری کەلار لە گەڕەکی (فەرمانبەران) بەناوی (خلیل ئیبراهیم) ناسراو بە (هەژار) لە ماڵەکەیدا بەڵێندەرێکی سنووری پارێزگای دیالەی حەشاردابوو کەماوەی (15) ڕۆژ زیاتر سجنی کردووەو خاڵێکی بەڵێندەرەکەی کوشتووە کە هاوڕێی بەڵێندەرەکە بووە و هەژار بە تلیفۆن بە کەسو کاری بەڵێندەرەکەی وتووە بۆ بەردانی (17) دەفتەر دۆلارمان دەوێت.... بەڵام بەڵێندەرەکە خۆی لە دەستیان دەرباز کردووەو خۆی گەیاندۆتە مەرکەزی پۆلیسی قەزای کەلار و ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە لەو ڕووداوە.... ... بەڵام جێگای داخە کە هەژار (نەقیبی ئاسایش) ە و سەربە ئاسایشی سلێمانیی یە لەساڵی (1991) ەوە دەیان کاری قیزەونی لەو جۆرەی کردووەو کەچی کۆمەڵێک کەس ولێپرسراوی ناو یەکێتی پشتی دەگرن و پەردە پۆشی خراپە کارییەکانی دەکەن.... .. داواکارم لە بەڕێزتان کە ڕێگە نەدەن ئەم جارە دەرباز ببێت بەئاسانی با سسزای عادیلانە وەر بگرێت... هەژاروەک گورگ لە پێستی مەڕدا خۆی حەشارداوەو خوێنی خەڵکی مژیوە....**

**کامەران ئەحمەد عەلی**
2006/7/19